قایمقامیەتی سلێمانی: سەرجەم برنجەکانی بازاڕی شاری سلێمانی ڕووەکین نەك دروستکراو

سەرجەم برنجەکانی بازاڕی شاری سلێمانی ڕووەکین نەك دروستکراو.

قائیمقامیەتی سلێمانی لەڕووی جۆر و کوالێتی و پێکهاتەوە، پشکنینی بۆ سەرجەم برنجەکان کرد و سەرجەمیان برنجی ڕووەکین و لەو پێکهاتەکانیاندا پلاستیکی تێدا نیە.

هیوا ساڵح، نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە لیژنە هاوبەشەکان ئەمڕۆ پێنجشەممە لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "دوای بڕاوبونەوەی گرتەی ڤیدیۆ دروستکردنی برنج لە پلاستیك و دروستبونی دەڕاوکێ لەنێوان هاوڵاتیاندا، لیژنەکان بە ڕەزامەندی قائیمقامی سلێمانی سەرجەم جۆرەکانی برنجی لە ڕووی جۆر و کوالێتی و پێکهاتەکەیەوە ناردوە بۆ پشکنین و تاقیگەکان".

وتیشی: ئەو تاقیگەیەی پشکنینی بۆ سەرجەم جۆرەکانی برنج لە بازاڕەکانی شاری سلێمانی کردوە، یەکێکە لە باشترین تاقیگەکانی کوردستان و لەژێر چاودێری نوێنەرەکانی حکومەت و بەباشترین ئامرە پێشکەوتوەکان پشکنینەکانی ئەنجام داوە و درکەوتوە کە سەرجەمیان برنجی ڕووەکین.

هیوا ساڵح ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە بەپێی ئەو ئەنجامەی بەدەست قایمقامییەتی سلێمانی

گەیشتووەتەوە، پشکنینی تاقیگەکە کوالێتی برنجەکانی پلەبەند کردووە و چەند جۆرێکیان لە باشترین جۆری برنجەکانی جیهانن کەلە بازاڕەکانی شاری سلێمانی دەفرۆشرێت.

نوێنەرکەی تەندروستی لە لیژنەکانی قایمقامییەتی سلێمانی راشیگەیاند: هاوڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە کە سەرجەم برنجەکانی ناوبازاڕی شاری سلێمانی لە ڕوی کوالێتی و جۆرەکانییانەوە، روەکین هەروەها لە پێکهاتەکانیاندا ماددەی پلاستیك بونی نییە و پێویست بە دڵە راوکێ ناکات.